## یەکگرتووی ئیسلامی... بەشێکە لە تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان ... سامان ئەحمەد

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە گشتی، بە (یەکگرتووی ئیسلامیشەوە) هێزێکی تیرۆریست بووە کە لە رێگای تیرۆریزم و توند و تیژی و پیلانی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە دەرکەوتن. سەرەڕای جیاوازی هەڵسوکەوتی باڵە جیاجیاکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەڵام هەموویان لە نواندنی تیرۆریزم و توند و تیژی دا لە دژی ڕادیکالیزم و ژنان و کەسانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز لە کوردستاندا هاوڕاو یەکدەست بوون.

یەکگرتووی ئیسلامی وەکو یەکێك لەو حزبە ئیسلامیانە یەکیچك بووە لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی تیرۆر و ڕەشەکوژی ژنان لەکوردستان هەمیشە ئەم حزبە کۆنەپەرسترین داب و نەریتی دوواکەوتوانەو پیاوسالارانەیان لە دژی ژنان تیژکردووەتەوە و بەرگریان لە کوشتنی ژنان کردووە.

لە پەیوەند بە کوشتنی ژنانەوەلە کوردستان، نوێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکان و ژنانی ئازادیخوازدا لە سیمینارەکانیرێکخراوەکانی ژنانی ساڵی 1998دا لە شاری سلێمانی هاواریان دەکرد ئەو ژنانەی زینا دەکەن ئەگەر نەکوژرێن چی یان لێ بکەین؟ لە باشترین حاڵەتدا دەیانووت باشترە ئەو کوشتنەی ژنان بە دەستی باوك و برا نەبێت، مەلا لە دادگادا بڕیاری لەسەر بدات و بەسەر ژناندا جێبەجێ بەجی بَکرێت.

هەر کەسێکی ئازادیخوازیش دژی ئەم پەیامە ڕەشەی ئەوان بهاتایەتە دەنگ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی خۆیانەوە هێرشی ئەخلاقیان دەکردە سەر و خۆی و هاوسەرو ناویان دەزڕاند.

من بۆ یەکەمجار کە لە سیمینارێکی ڕێکخراوەکانی ژناندا لەگەڵ یەکێك بەرپرسەکانی ئەم حزبە تیرۆریستە ئیسلامیە بەناوی (ئەبوبەکر بەرپرسی کاروباری ڕاگەیاندن) دەرگیر بووم لەسەر تیرۆری ژنان کە ئەو بەرگری لە کوشتنی ژنان دەکرد و منیش بە توندی وەلامم دایەوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەمان بەرپرس دوور لەهەر پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی بە لێدانەوەو پارچەکردنی قسەکانی من لە تەلەفزیۆنەکەیانەوە و سوکایەتی بەخۆم و هاوسەرەکەشم کردبوو. منیش لەکاتی خۆیدا بە بەیاننامەیەك وەلامی یەکگرتوویئیسلامیم دایەوە.

ئەم پەیامە ڕەشەی یەکگرتووی ئیسلامی ڕاستەوخۆ بەشێك بوو لە کارو کردەوەی ئەم حزبە ئیسلامیە لە دژی ژنان، یەکگرتووی ئیسلامی بەمەشەوە نەوەستا کە تەنها بەرگری لە کوشتنی ژنان بکات و چەقۆی پیاوسالاری و سەربڕینی ژنان تیژبکاتەوە هاوکات گروپەکانی هوهاکێشان دوواکەوتنی ژنانیان لەناوجەرگەی شارەکانی سلێمانی و هەولێر پێکدەهێنا بۆ هوها کێشان لەو ژنانەی جلوبەرگی مۆدرێن و جوانیان لەبەردەکرد و هەر لەو کاتەوە یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حزبێکی ئیسلامی دژی ئازادی جلوبەرگ پۆشینی ژنانیش دەرکەوتو بوونە هۆی پەشێوی بازاڕەکان بۆ ژنان ماوەیەك ژنان نەیاندەوێرائازادانە ڕوو لە بازاڕەکان بکەن هەتا لە لایەن کۆمەڵێك کەسی کۆمۆنیست و ئازادیخوازەوە سنورێك بۆ ئەم کارو کردەوە ی یەکگرتووی ئیسلامی دانرا. لە 8.31 1998 دا لە شاری سلێمانی یەکێك لەو گروپانە کە ویستیان دووئافرەت نارەحەت بکەن وەلامی ددان شکێنیان پێدرایەوە و دەستگیرکران و تەسلیم بە پۆلیسی سەرای سلێمانی کران و ئەوانی تریشیان هەڵاتن خۆیان کرد بە یەکێك لەو دوکانانەی بازاڕی ڕاپەڕیندا کە کردبوویانە کتێبخانە و بنکەی ئەم کارە توند و تیژیانە لە دژی ژنان.

گروپ و لایەنێك کەکوشتنی ژنان بە کارێکی ڕەوا بزانێت و دژی ئازادی جلوبەرگ پۆشین بێت و گروپی هوهاکێشانسازبدات بێگومان لایەنێکی تیرۆریستە. جگە لە خانەی تیرۆر و توندوتیژی لە هیچ شوێنێکی تری کۆمەڵگادا جێی نابێتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی بەشێك بووە لە و بەلای ڕەشە کوژی و تیرۆری ژنانەی لە کوردستاندا هەبووە. ئەمە سەرەڕای پشتیوانی خۆی لە تیرۆرکردنی کەسانی کۆمۆنیست و ڕادیکال و ئازادیخوازی کوردستان و دژایەتی کردنی سیمای مەدەنیەتی کۆمەڵگای کوردستان.

16-7-2006